# بەشداری ناسك ئەحمەد لە کۆنفرانسی ساڵانەی "پژوهش"دا

لە سالی1990ەوە ساڵانە کۆنفراسی نێونەتەوەیی "پژوهش"ی ژنانی ئیرانی لە وڵاتە جیاجباکانی جبهاندا ریکدەخریت. ئەمسال ئەم کۆنفراسە کە کۆنفرانسی یانزەهەمین بوو لە شاری بەرلین-ی ئەلمانیا لەرۆژانی 2 تا4 ئەم مانگە بەبەشداری سەدان کەس لەولاتە جیاجیاکانی جیهانەوە ریکخرا.

ناسك ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق لەرۆژی یەکەمی ئەم کۆنفراسەدا باسیکی پیشکەش کرد لەژیر ناونیشانی"هەلومەرجی ئیستای ژنانی عیراق، ئایندەیانو مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی لەپەیوەند بە ژیانی ژنانەوە". ناسك ئەحمەد لەم باسەدا رۆشنی کردەوە کە چۆن رژیمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق فشاریان لەسەر وەزعیەتی نالەباری ژنان زیاد کردووە و چۆن جەنگی یەکەمی خەلیج بۆتە هۆی داسەپاندنی زیاتری کۆنەپەرستی سیاسی لە بەرفروانترین ئاستیدا لە کۆمەلگای عیراقدا. هەروەها چۆن جەنگی ئەخیری ئەمریکا بۆسەر عیراق بووە مایەی داروخانی کۆمەلگای عیراق و نقوم کردنی لەناو کۆنەپەرستی و جەنگی تیرۆریستی نیوان ئەمریکا و هیزەکانی ئیسلامی سیاسیدا، وە کاریگەری خراپی ئەم هەلومەرجە لەسەر ژیانی ژنانی عیراق. لە بەشیکی تری باسەکەیدا ناسك ئەحمەد باسی لە بزوتنەوەی یەکسانی خوازی بەهیزی کۆمەلگای عیراق کردو ، ووتی لە ژیر سایەی ئەو سیناریۆ رەشەی ئەمرۆ لە عیراقدا بەریوە دەچیت تەنیا لەریگای ئەم بزوتنەوەیەو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە عیراقدا دەتوانریت ئایندەیەکی باشتر بۆ ژنان دابین بکریت. لەکۆتاییشدا ناسك ئەحمەد وەلامی پرسیارو تیبینیەکانی ئامادەبووانی دایەوە. شایانی باسە ئامادەبووان پێشوازیەکی گەرمیان لە قسەکانی ناسك ئەحمەد کرد و چەندین جار بەچەپڵەلێدان ئەم پیشوازیەیان نیشاندا.